پێڕست

هونەری نازم حیکمەت ........ 7
ڕیپۆرتاجی تانگانیکا لە ١٠ نامەدا – نازم حیکمەت ........ 31
نامە بۆ ژنەکەم – نازم حیکمەت ........ 51
نامەی حەوتەم بۆ تارانتا بابوو – نازم حیکمەت ........ 54
بۆ کوڕەکەم – نازم حیکمەت ........ 57
بۆ نووسیارانی ئاسیا – ئافریقا – نازم حیکمەت ........ 60
چەرخی نووسەرانی بوێر و ئازا – یەشار کەمال ........ 63
شیری ماین – یەشار کەمال ........ 68
گفتوگۆ لەگەڵ یەشار کەمال – سازدانی: ئەردال ئویز ........ 74
لەبارەی ئەدەب و تەکنۆلۆجیاوە – یەشار کەمال ........ 133
مەسەلە کڕین و فرۆشتنە – عەزیز نەسین ........ 154
سفرە و خوانی بەربانگکردنەوەی ماڵە مەدەنییەک – عەزیز نەسین ........ 161

نرت و نوێیــە. بگرە لـە کـولتــوورێکی جـۆراوجـۆریشــەوە هـەڵکەوتـووە. ئەو دەوروبەرەی ئەوی تێـدا هەڵکەوتووە، مـەڵبـەندی سـەقـافـەت و کـولتــوورێکی هەمـەتەرز و هەمـەڕەنگە. کولتـوورێکی عـەرەبی، کە لە مۆزەپۆتامـیـاوە هـاتووە ئەمـانە سـەرلەبەر لە ئەحمەد عـارفدا کەڵەکەیان کردووە و خـەست بوونەتەوە. دەنگی ئـەحـــمـــەد عـــارف دەنگێکی زۆر دەوڵەمـــەند و ڕەنگینـە. دەنگی شـیـعـرکـانیـەتی. لەبەرئەوەی داسـتـانی و ئیـپـۆپـای کورد، هـی تورک زۆر چاک شـارەزام، لەو دەوڵەمەندییـەی لە ئەحمەد عارفدا کەڵەکە بـووە چاک گەیشتووم. ئەحـمـەد عـارف هـەرەمـەیـەکی سـەرلەبـەری دەنگەکـانی ئەنەدۆڵە. گـەورەییی ئەحـمـەد عـارف لەوە ڕا هـاتووە: ئـاڵقـەیەکی تازە هـەڵکەوتووی نازم حـیکمـەتە. بوونی بە خـاوەن دەنگی لە دەنگی سـەرلەبەری شـاعـیرانـی تورکیـا وەسـتـاترە و بەشـەخـسییـەتتر لەمەڕا هـاتووە. لەبـەرئەوەی لە جەماوەرانی گـەورەی خـەڵکەوە نزیکتـرە، لەبەرئەوەی ژیانی خـەڵکەکە زۆر لە دڵتـرەوە، ئێـجگار لە قـووڵتـرەوە دەژی بۆیە وایە. چاکـە، لە خـەڵک گـەیشـتن کـارێکی هێنده پێـویسـتـە؟ بەڵێ لە چەرخی بیسـتـەمدا خـەڵکی سـەر دنیـا چـوار مـیلیـارە. چوار مـیلیـار ئینسـان لەسـەر ڕووی زەوی دەژی. هەڵبەتە لەنێو ئەمـانەدا بۆرجوازیش هەن. سەقافەت و کـولتـووری خـەڵکەکـە بەلای ئەم بـۆرجـوازیانەوە شـتـێکی زۆر سـەغـڵـەم و ڕوخـتــەیە و تـا بڵـێی خــەلاقـە. بێگومـان دەبێ لە سـەقـافـەت و کـولتـووری بۆرجـوازیش زۆر پسـپـۆڕ و بەڵەد بین. دەبێ سـوودیشی لێ وەرگـرین. ئەمـە کـارێکی ناچارییە، زەرووره. بەڵام تـا چە ئەندازەیەک بە ڕەگ و ڕیشـەی خۆوە، بە ڕەگ و ڕەگـەمــای خــۆوە، بە خــەڵکەکــەی خــۆوە بەندیـوار بین، هێـندەیش دەوڵەمـەند دەبین. ئەمەیش ڕاستییەکە ئاو لێڵ ناکا، ئەحـمـەد عارف بێگومـان هێندەی شـاعـیرانی، سـەرلەبەر، شـارەزای سـەقـافـەت و کولتـووی بۆرجـوایە. واتا: هێندەی هـەمـووان شیعـر دەزانێ. نازم حیکمەت زێـتری لێ دەزانی، بەڵام ئەحـــمـــەد عـــارف ســـەربـارێکی تری هـەیە. ســـەد لە ســـەدی، ئەوەیە کـــە لە نێوجەرگەی خەڵکدایە.

نازانم دیاربـەکـرت دیتـوە؟ دیاربەکـر ببـینی، لە ئـەحـمـەد عـارف گـەیشـتن

هاسـانه. بەشـوورەکـەیەوە، شـوورە بە سـامـەکـەی، بەگـۆرانی و لاوک و حـەیرانەکـانیـەوە، بە بەندیخـانەکـەیەوە، بەگـرە و گـەرمـاکـەیەوە، بە سـەرماوسـۆڵەکەیەوە، بەو هەموو سـەقافەت و کولتوورەوەی کە لە هەمـوو لارا هەڵدەکا. پێگەیشتنی شـاعیرێکی وەک ئەحمەد عارف لەو چەرخەی مـەدا کـارێکی هـێند سـانا نییـه. دیاربەکـر مـەڵبـەندی هەڵکەوتن و گـەشـەکـردنی سـەقافـەت و کولتووره گـەورەکانە. دووئاوانی سـەقافـەت و کولتووری گـەورە و گرانی دنیایە. سـەرجەوسـەری کولتووری گـەورە گـەورەیە. ئەحمـەد عارف لە مۆڵگەیـەکی ئاوها هاتووەتە گۆڕێ. ئۆرخـان کەمالیش هەر بەو جۆرە لە ئەدەنە دروست بوو. چقـورئۆدا جێگەیەکی زۆر گرینگە. مۆڵگەیەکی گـەورە و گرانی تورکمـانانە. تراکـتۆری پەنجـا و حـەوتەمـینی فـابریقـەی هانۆمـاگ هاتووەتە چقـورئـۆواوە لە (١٨٠٠)ەکـانەوە بـەمـلاوە، چقـورئـۆوا ڕەمـزی پیـشـەسـازیی قورسـە لە تورکیا. جا ئاوا هەڵکەوتنی چقورئۆوا، هەروەها سەبارەت بەوە کە مـەڵبـەندی کولتووری تورکمـانانە زیندوو و سـەرسـەختـە، ئا ئەم سـەقـافـەتە سـەرسـەختە و ئەم دەوروبەرە ئۆرخـان کەمـالی گـووراندووە. قـەرەجـە ئۆغـلان، دادالْ ئۆغلۆ، قۆل عەبدوڕەحمـان چین؟ شاعیرەکانی چقورئۆوا دەڵێم. حـاجی ئاشـقی گاورداغ چییـه؟ هەر وە سـەدان هۆزان و داسـتانبێژ و شـاعیـر کێن؟ ڕۆژگـارێکی لەگەڵ ئۆرخـان کەمـالدا لە کوچە و کۆڵانانی ئەدەنە دەخـولاینەوە، بڕێ شاعیرمان دەدیت. بەو سـەرشـۆسـە و ڕێگەیانەدا بڵاو بووبوونەوە سازیان دەژەند، لە باخـچـەکانـدا، سـازیان دەژەند. لاویەتی ئێـمـەمـانانیش بەو ڕەنگە بەسـەرچوو لەگەڵ ئۆرخـاندا. بەهەڵەیش بیـڵـێین، بە ڕاسـتیـش بیـڵـێین، گـوێ نادەمێ، ئەمـەیە ڕاسـتییـەکەی تورکیـای ئەمـڕۆکـەمـان، ئەمـەیە ڕاسـتییـەکەی خەڵکەکەمـان خۆش بێ یا ترش بێ. من دەڵێم سـەرلەبەری هونەرمەندەکانمان هـەرچی هونەرمـەندی گـەورەی وڵاتەکـەمـان هەن هەریـەکـە ئاڵقـەیـەکـە لەو ئەدەبیـاتە بە بەندوباوەی ئەنەدۆڵێ. نازم ئاڵقـەیەکی پاش دادالْ ئۆغـڵـووە. ئاڵقەکانی پاش نازمیش ئەحـمـەد عارفـە، ئۆرخـان کـەمـالە، فـەقیـر بایقـورتە. ئەدەبیاتی ئێمە خاوەن ڕەگ و ڕیشەیە، لەسەر بنجی خۆی ڕواوە.

* بۆ هەموو ئەدەبیاتێکی تر ئەمە ناگوترێ؟

– هەمــوو ئەدەبیــاتێ کــەم تا زۆر هەر وایە. دیارە ئەگــەر ئەدەبیــاتێکی خۆبەیەکێکی تر هەڵواسی و نەبێ بە نموونە ئەدەبیاتی فەرەنسزی لە لاتینیی کۆنەوە هاتووە، لە ئەدەبیاتی کۆنی گریکەوە سەری هەڵداوە، ڕەگ و ڕیشەی وا لەوێیە. بەڵام ئەدەبیاتێکی سەربەخۆ لە فەرەنسا لە دایک بووە ستاندالێ لەدایک بووە. لە ڕەگ و ڕیشەی ستاندال بکۆڵییەوە هۆمیرۆست تووش دێ. هەر هۆمیرۆسێکی ڕاستەقانیش، هۆمیرۆسێکی تەواو خۆی، شێوازی داستانبێژیی ڕاستەقانی دەدۆزییەوە. ستاندال. دەڵێ: «من وەک عەرز و حاڵچی دەنووسم» ڕۆژاواییەکانی لە ستاندال بەدەر بە هەڵە لە هۆمیرۆس گەیشتوون. وایان زانیوە ئەوانەی هۆمیرۆس نووسیونی شانامەی پاڵەوانییەتی و قارەمانییەتیی داستانی قارەمانێتین، وایان زانیوە ئەدەبیاتێکی بە گێزوگوڵینگی بە هەیتوهووتی نووسیوە، بەڵام وە نییە، هۆمیرۆس وەک لە قاوەخانە دانیشتبێ، داستانی بەو جۆرە گێڕاوەتەوە، بێ هەیتوهووت. بەو پێیەی لێزانان تێیان گەیاندووم، شێکسپیریش هەروەک لە قاوەخانە قسان بکا، ئەدەبیاتی بەو جۆرە گوتووە. بەندوباوی ئێپۆپە. ستاندال یەک لەوانەیە. هەستی بەمە کردووە. وەک عەرز و حاڵچی نووسینیشی لەمەڕا هاتووە. ئەوی نووسیویە ئێپۆپەی ڕاستەقانییە. ئەمن ستاندالم، لە تەمەنی بیست، بیست و دوو ساڵاندا، بە لاوێتی ناسی. هێشتا بێ زانست بووم. ئەوەی سەرسامی بووم، هەر بەجارێ حەیرانی بووم، تەنیا ستاندال بوو. بۆچی؟ نازانم. چونکە بیچمی دەربڕین و شێوازی گێڕانەوەکەی لە ڕەگ و ڕیشەی منەوە زۆر نزیک بوو، ئاشنا بوو. خەڵکەکەی وڵاتی منیش کوێرئۆغڵوو لە قاوەخانان دەگێڕنەوە. داستانی کوێرئۆغڵوو لای ئێمە وەک لە قاوەخانان بگێڕدرێتەوە. بەو جۆرە دەگوترێ. یانی چۆن لە قاوەخانەیەکی گوندی باسی هەموو شتێکی دەکەن، یەک دەڵێ: «گەنمەکەم ئەو ساڵ چاکی هێنا، دەغڵەکەی ئەو ساڵم تەرزە کوتای، لە ڕێی تووشی ئەحمەد بووم» ئاوهای دەگێڕنەوە. داستانە گەورە و بەناوبانگەکان ئەو تەرزە گێڕانەوەیەیان لە ڕەگ و ڕیشەدایە.

وەک بڵێ: «دەغڵەکەم تەرزە لێی دا، لافاو ڕای ماڵی، باران باری» ئا بەو جۆرەیە. ئەمەیە تەرزی گێڕانەوەی ئەپیک، ئەو ڕاستەقانێتییەی ستاندال لە ئەدەبیاتی فەرەنسزیدا پێ گەیشتووە و ئەمەیە. ئەگەر ئەدەبیاتی فەرەنسزی ئەم ڕێگەیەی ستاندال ڕچەی شکاند، نەگرتبا بەر، ئەمڕۆکە ئەدەبیاتی دنیاکەمان هەر بە تەواوی شتێکی تر دەبوو، زۆر جیاواز. من ئەمەیە قەناعەتم. لەبەر ئەوە، ئێمە زۆر بەختمان هەیە، کە ئەدەبیاتی تازەمان پێ دەگا، هونەرمەندی لە ڕەگ و ڕیشە سەر بەخەڵکەکەمان زانستانە هەڵدەکەون. خاوەن زانستن. بەڕاستی ئەمە مایەی خۆشبەختییە، دەبینی، فەقیر بایقورت پەیدا دەبێ، فێرە زانست دەبێ، زانستانە، زانایانە بیر دەکاتەوە. ئەحمەد عارف دێتە گۆڕێ، ڕووناکبیری دەگرێتە بەر، فێرە زانیاری دەبێ. نازم حیکمەت پێ گەییوە، زانیاری فێر بووە لەم بابەتەوە. یانی لە سەقافەت و کولتووری دنیا، لە ئەدەبیاتی دنیا چاک شارەزا ببێ، بە ڕەگ و ڕیشەی خۆوە بە وریاییەکی تەواو بگا پیاو، لەمە ئەدەبیاتێکی ساغڵەم و ڕاست و دروست لەدایک دەبێ. بەڵام لێمان تێک نەچێ، نابێ خۆ بەم هونەرمەندانەوە هەڵاواسن. نابێ لاسایی شیعری دەماودەم، نازم حیکمەت، ئەحمەد عارف بکرێتەوە. ئەمانە ئێستا هەریەکە بووە بەکولتوورێ بۆ خۆی. ئەحمەد عارفیش وەک نازم حیکمەت، بۆ لاوەکانمان بووە بە سەقافەت و کولتوورێ. ئۆرخان کەمالیش هەر بەو جۆرەیە. سەعید فایقیش. تەنانەت هاتنە گۆڕێی یەکێکی وەک سەعید فایق، هەر لەوەڕا هاتووە کە لەسەر ڕەگ و ڕیشەی ئەنەدۆڵێ ڕواوە. سەعید فایق، وەک هێندێ برادەران بۆی چوون، وا نییە. ئەتۆ کە دەنۆڕییە هەمە تەرزایەتیی زمانی سەعید فایق، بنەچەکە و بنەڕەتی زۆری ئەدەبیاتی دەماودەمی نێو خەڵک دەبینی.

* یانی دەتەوێ بڵێی تەنیا هەر سەعید فایق بە نووسەرێکی بە ڕەگ و ڕیشە ئەستەمووڵی وەرناگرین.

– سەعید فایق نووسەرێکە بە ڕەگ و ڕیشە ئەنەدۆڵییە. ئەمن تورکییەکی

سـەعـیـد فـایـق لە چاو تورکـیـی نووسـەرانـی تر، زۆر زۆر، بە جـوان و پوخت دەبینم. تـورکـیـیـەکـەی تا بلـێی دەوڵەمـەنـدە. بەلای منەوە، لە ڕاسـتـەنووسـیـی تورکیدا سەعید فایق، لە شیعردا نازم حیکمەت کەسانێکن، تورکییان بەباری هەرە جوان و لەباریدا بەکار بردووە. بەڕاستی ئینسانی بەدەگمەنن.

* سـەعید فـایق، پارەکە دەرکـەی هـەروا مـشـتـومـڕێکی وەسـەر گـازی پشت خست. نەچینە ئەم باسـەوە. دەمەوێ لەوەی مـەبەسـتـمە بپرسم. لەم ڕۆژانـەدا نووســیـنـی وا دەنووســرێـن، نووســەرەکــانـمـان بەپێی دەوروبەریان، بەپێی چینە کۆمـەڵایەتییـەکی تێیداندا هـەڵکەوتوون نێو لێ دەنـێن و دەرەنگێـن. فــلان، ڕۆمـــاننووسی گــونده، فــیـســــار، ڕۆمــاننووسـی شـارە، ئـەمـیـانـە سـەر بە سـەقـافـەت و کـولـتـووری دەرەبەگـایەتیـیـە، ئەویان لە پەیڕەوانی کـولـتـووری بۆرجـوایـە، یەکی تریان، دەروێشـی کولتووری پرۆلێتاریایە...

– ڕاسـتـە. تێکەڵێکەیەکی سەیر و سـەمەرەیە. کوڕە تومەزا، دادالْ ئۆغلـوو لە کـولـتـوورێـکـی دەرەبەگـایەتـیـیـەوە سـەری هەڵداوە، پیـرسـولـتـان سـەر بە کولتووری فیوداڵە، بەڵێ نێویان بۆ ڕۆمـاننووسیش هەڵبەست: (ڕۆمـاننووسـی گوند) ئەمـەش شـتـێکە بۆ یەکەم جار تەنیا لە وڵاتی تورکیا بەرچاو دەکەوێ. بەمـە دەڵێن، (عـەیب و عاری کولتوور). ئەمـە دەکرێ تەنیا یەک نێوی هەبێ و بەس، ئەویش ئەوەیە: (فەهێتی کولتوور). ئەم پیاوانە دانیشتوون باسی عەیب و عـار و فەهێتی کـولتوور دەکەن. خـۆ کەسـێکیش نییە لێیان ڕاسـێ ئەم عـەیب و عـارەیان، ئەم هـەڵانـەیان، ئەم درۆیانەیان بە چاودا بداتەوە. بـە نموونە: کـەسـێ ڕاست نەبـووەوە بە گـۆگـۆڵی گـوتبێ «گـۆگـۆڵ ڕۆمـاننووسـی گـوند»ە. کـەچی گـۆگـۆڵـیش خـۆ هەروەک نـووسـەرانـی ئەمـڕۆی تـورکـیـا کـۆمـەڵگەی خـۆی، کـۆمـەڵگەی دەرەبەگـایەتیی ڕووسی، گـوندییـە ڕووسـەکـانـی، بیـرۆکـراتە ڕووسەکانی نووسیوە. فەقیر بایقوورت چی نووسیوە؟ ئەویش هەر فیوداڵیتەی تورک، بیرۆکراتە تـورکەکان، گوندییە تورکەکانی نووسیوە. ئۆرخـان کەمالیش

هەر بەو ڕەنگەیە، هیچ کەسێ نەهات، بەگۆگۆڵ بێژێ، «گۆگۆڵی ڕۆماننووسی ڕووسیی گوند» بێیتە سەر باری ڕاستی، هەر ڕەپ و ڕاست ڕۆمانی گوند و گوندیی نووسیوە. کەس بە تۆلستۆی نەگوت «ڕۆماننووسی گوند» نایشیڵێ. کەس بە دۆستۆیفسکیی نەگوت «ڕۆماننووسی بیرۆکراتان»... ئەم نووسەرانە ئینسانیان نووسیوە، بنیادەم لە بارودۆخی گوندیشدا دەنووسرێ و لە بارودۆخی شاریشدا. پیاو لە هەر بارودۆخێکدا دەنووسێ، مەرج ئەوەیە بنووسێ، کە نووسی، دەبێ بە ڕۆماننووسی چاک. نەینووسی دەبێ بە ڕۆماننووسی خراپ. ئەمە کارێکە بەدەست هونەرمەندەکە، بەدەست بەهرە و لێهاتوویی خۆیەتی، گوندی، وەک گۆگۆڵ بنووسی دەبی بە بلیمەت، ئەگەر وەک، نامەوێ ئێستا نێویان بێنم، نووسەرە پلە سێیەمینەکانی لەمەڕ خۆشمان، گوندی و گوندایەتی بنووسی، قەت بە هیچ نابی. سەرلەبەر هەر گوندی نووسین، سەرلەبەر هەر شاری نووسین، شتی وا نییە. مرۆ جیهانی دەنووسی. بەنموونە، گۆیا من، بەتەنێ، هەر گوندی دەنووسم؟ گوندیش لە ڕۆمانەکانمدا هەن، شاریشیان تێدا هەن. دەبێ سەرانسەری تورکیا لە ڕۆمانەکانماندا جێگەی خۆیان بگرن. ئەمن بە ڕەگ و ڕیشە چقورئۆواییم. هەرچی لە چقورئۆوا هەیە دەینووسم.

* بەڵام بەزۆری کێهە زۆر چاک دەزانی ئەوە دەنووسی.

– ئەوە دەنووسم کە لە هەمووانی چێتر دەزانم. دەوروبەرەکەی خۆم دەنووسم. یانی ئەوڕۆکە شار دەنووسم. گۆیا دەبم بە ڕۆماننووسێکی خراپ؟ یا تاوەکو دوێنێ، کە گوندم دەنووسی، بۆیە بە ڕۆماننووسی چاک دەژمێردرێم؟ ئەمە نەختێ گێڵوکانەیە. بەنموونە، خۆ دەکرا هەرزەگوێییەکی وەک «شێکسپیر نووسەری ئەریستۆکراتان»ە، گوترابا. هێندێ پیاو لە تورکیا دەتوانن ئەم عەیبی کولتوورە بکەن.

* وەک بەسێرڤانتسیان گوت « نووسەری دەرەبەگایەتی».

– ئەمن بۆ خۆم، تەنانەت ناوێرم «نووسەری لە دنیا بیانی کەوتن»یشی پێی بڵێم سێرڤانتس هەڵبەتە، ڕۆماننووسێکی چەرخی لە دنیا بیانی کەوتنە. ڕۆماننووسی چەرخ و چاخی دەور و بەسەرچوونێکە. یانی ئەو ڕۆماننووسە گەورەیەیە کە سەردەمی بەسەرچوونی سەقافەت و کولتووری شۆڕەسوارێتی و لە جێی وی شینبوونی سەقافەت و کولتووری بۆرجوا هێناویەتە گۆڕێ. نووسەری سەردەمی ڕاگوێزان و پەڕینەوەیەکە. من تەنانەت لە گوتنی ئەمەیش دەترسێم. ئەو ڕۆماننووسی مرۆیە. تۆلستۆی ڕۆماننووسی مرۆیە. گەورەییەکەیشی لەمەدایە. هۆمیرۆسیش هەر وایە: «هۆمیرۆش داستانبێژی شەڕوشۆڕە» دەشێ قسەی وا بکرێ؟ یانی عەیبە، عەیبە سەقافەتێ دەقەومێ ئەو هەموو ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و لێزانانەمان هەن. هەر کەسە لە ڕاستی خۆوە بێدەنگە. کەسێ هەڵناداتێ، گاڵتەیێ، گەمەیێ، جەفەنگێ بەم عەیب و شوورەییکەرانە بکا. گاڵتە بە چی دەکرێ. ئەی بەمە نەکرێ بە چی دەکرێ؟

* یەشار کەمال. ئەتۆیش لەم بارەیەوە بێدەنگ وەستای. خۆ بە تۆیشیان گوت: «ڕۆماننووسی گوند» ئەی تۆ بۆچی بێدەنگ بووی؟

– من نامەوێ لەگەڵ کەس گاڵتە بکەم. تەنیا شتێکی من حەزی لێ ناکەم ئەوەیە کە ببی بەمایەی گاڵتەوگەپ. ئەم بابەتە لەوانەیە ببێ بە بابەتی گاڵتە. من نامەوێ گاڵتە لەگەڵ کەسدا بکەم.

* ئێستا دەتوانین لێرە بەولاترەوە پێ هەڵبڕین. بۆ خۆت دەزانی چەرخەکەمان چەرخی چینە کۆمەڵایەتییەکی نوێیە. چەرخی چینی کرێکارە. پرۆلیتاریا. ئێستا قسە لە کولتوورێکی پرۆلیتاریا دەکرێ. کولتوورێکی جیاواز. تەنانەت هونەرمەندانیش بەپێی ئەوە دابەش دەکرێن، کێهەیان هونەرمەندی پرۆلیتارییە، کێهەیان هی پرۆلیتاریا نییە، یانی دابەشکردنێکی شێماتیکانە. نەخۆشەییانە.

سەرزاری خەڵک چاک شارەزا و پسپۆڕن، ئەوانی داو و دەستووری دەماودەم چا دەزانن، کاتێکی (دۆنکیشۆت) دەخوێننەوە و زۆر بە سانایی دەزانن ئەم کارە لە دەفتەردا نووسرانی داو و دەستووری دەماودەمە.

* دەق وەک دەدە قۆرقوت.

– دەق گێڕانەوەکەی (دۆنکیشۆت) وەک گێڕانەوەکەی دەدە قۆرقوت وایە. جارێکیان لە پسپۆڕێکی ئیسپانێولیم پرسی، گوتی «بەڵێ زارگۆتنی نێو خەڵک ئەوەیە وا لە دۆنکیشۆتدایە». دیارە پێشتر، خەڵکی بڕێ مەتەڵ و چیرۆکی شۆڕەسواریشی لەنێو خۆدا دەگێڕایەوە. نەقڵ و سەرگورۆشتەکانی سێرڤانتسیش زۆریان بەوانەوە بەندن: بەو مەتەڵە کۆنانەوە زۆر بەندن. هەر بەرەی مرۆیی بگری، ئیپۆپەی خۆی لەگەڵ خۆدا هێناوە. تۆلستۆی چۆنی مەتەڵان هەڵگوێزتوون شکسپیر، گۆتێ، چۆنیان لە ئەفسانەی کۆنڕا هەڵگوێزتووە سێرڤانتیش لە ئەدەبیاتی دەماودەمی پێشەخۆوە بەڕێ کەوتووە. لە پاش دادالّ ئۆغلوو، دەنۆڕی سەدان دادالّ ئۆغلوو هاتوونە گۆڕێ لە چقورئۆوا. ڕەگ و ڕیشەی چیرۆک و مەتەڵ، هەروا دەکەی، لە هیندستان، لە چین دەبینییەوە. دۆنکیشۆت یەکەم نموونەی ڕۆمانە لە ڕۆژاوا. دەنۆڕییە تەکنیکی، وا تێ دەگەی حیکایەت و مەتەڵن بووبن بە بەستە و سترانی سەرزاری خەڵک. هەرچی ڕۆمانی خۆمانە خێوی داو و دەستووری دوو هەزار ساڵەیە. هۆمیرۆس لەسەر ئەم خاکە ژیا. داستانی کوێرئۆغلوو بەلای منەوە، داستانێکی هاوچەرخی بێ خەوشە. تەنانەت لە ئیلیادەدا دەتوانین تووشی خۆڕوویی و تایبەتێتیی ڕۆمانی سایکۆلۆجیی هاوچەرخیش بێین. بەشی بەخۆم، کە (حیکایەتخوان)م پێ دەڵێن، کۆڵێ شانازیم بەخۆدا دێتەوە. ئەوان بۆ شکاندنم وەم پێ دەڵێن، بەڵام بوون بە حیکایەتخوان شتێکە جێی شانازییە. دەبا بیر لەوە بکەینەوە، بزانین مەتەڵێ چۆن لەدایک دەبێ؟ بلا بیر لە مەتەڵێ بکەینەوە. هەزار ساڵ، دە هەزار ساڵ، یان سێ هەزار ساڵ لە ئەنەدۆڵ لەدایک بووبێ. ئەم مەتەڵە دەگێڕدرێتەوە، لە سەدان کۆڕ و کۆمەڵاندا،

– ئەمن بۆ خۆم، تەنانەت ناوێرم «نووسەری لە دنیا بیانی کەوتن»یشی پێی بڵێم سێرڤانتس هەڵبەتە، ڕۆماننووسێکی چەرخی لە دنیا بیانی کەوتنە. ڕۆماننووسی چەرخ و چاخی دەور و بەسەرچوونێکە. یانی ئەو ڕۆماننووسە گەورەیەیە کە سەردەمی بەسەرچوونی سەقافەت و کولتووری شۆڕەسوارێتی و لە جێی وی شینبوونی سەقافەت و کولتووری بۆرجوا هێناویەتە گۆڕێ. نووسەری سەردەمی ڕاگوێزان و پەڕینەوەیەکە. من تەنانەت لە گوتنی ئەمەیش دەترسێم. ئەو ڕۆماننووسی مرۆیە. تۆلستۆی ڕۆماننووسی مرۆیە. گەورەییەکەیشی لەمەدایە. هۆمیرۆسیش هەر وایە: «هۆمیرۆش داستانبێژی شەڕوشۆڕە» دەشێ قسەی وا بکرێ؟ یانی عەیبە، عەیبە سەقافەتێ دەقەومێ ئەو هەموو ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و لێزانانەمان هەن. هەر کەسە لە ڕاستی خۆوە بێدەنگە. کەسێ هەڵناداتێ، گاڵتەیێ، گەمەیێ، جەفەنگێ بەم عەیب و شوورەییکەرانە بکا. گاڵتە بە چی دەکرێ. ئەی بەمە نەکرێ بە چی دەکرێ؟

* یەشار کەمال. ئەتۆیش لەم بارەیەوە بێدەنگ وەستای. خۆ بە تۆیشیان گوت: «ڕۆماننووسی گوند» ئەی تۆ بۆچی بێدەنگ بووی؟

– من نامەوێ لەگەڵ کەس گاڵتە بکەم. تەنیا شتێکی من حەزی لێ ناکەم ئەوەیە کە ببی بەمایەی گاڵتەوگەپ. ئەم بابەتە لەوانەیە ببێ بە بابەتی گاڵتە. من نامەوێ گاڵتە لەگەڵ کەسدا بکەم.

* ئێستا دەتوانین لێرە بەولاترەوە پێ هەڵبڕین. بۆ خۆت دەزانی چەرخەکەمان چەرخی چینە کۆمەڵایەتییەکی نوێیە. چەرخی چینی کرێکارە. پرۆلیتاریا. ئێستا قسە لە کولتوورێکی پرۆلیتاریا دەکرێ. کولتوورێکی جیاواز. تەنانەت هونەرمەندانیش بەپێی ئەوە دابەش دەکرێن، کێهەیان هونەرمەندی پرۆلیتاریایە، کێهەیان هی پرۆلیتاریا نییە، یانی دابەشکردنێکی شێماتیکانە. نەخۆشەییانە.

سەرزاری خەڵک چاک شارەزا و پسپۆڕن، ئەوانی داو و دەستووری دەماودەم چا دەزانن، کاتێکی (دۆنکیشۆت) دەخوێننەوە و زۆر بە سانایی دەزانن ئەم کارە لە دەفتەردا نووسرانی داو و دەستووری دەماودەمە.

* دەق وەک دەدە قۆرقوت.

– دەق گێڕانەوەکەی (دۆنکیشۆت) وەک گێڕانەوەکەی دەدە قۆرقوت وایە. جارێکیان لە پسپۆڕێکی ئیسپانێولیم پرسی، گوتی «بەڵێ زارگۆتنی نێو خەڵک ئەوەیە وا لە دۆنکیشۆتدایە». دیارە پێشتر، خەڵکی بڕێ مەتەڵ و چیرۆکی شۆڕەسواریشی لەنێو خۆدا دەگێڕایەوە. نەقڵ و سەرگورۆشتەکانی سێرڤانتسیش زۆریان بەوانەوە بەندن: بەو مەتەڵە کۆنانەوە زۆر بەندن. هەر بەرەی مرۆیی بگری، ئیپۆپەی خۆی لەگەڵ خۆدا هێناوە. تۆلستۆی چۆنی مەتەلان هەڵگوێزتوون شکسپیر، گۆتێ، چۆنیان لە ئەفسانەی کۆنڕا هەڵگوێزتووە سێرڤانتیش لە ئەدەبیاتی دەماودەمی پێشەخۆوە بەڕێ کەوتووە. لە پاش دادال ئۆغڵوو، دەنۆڕی سەدان دادال ئۆغڵوو هاتوونە گۆڕێ لە چقورئۆوا. ڕەگ و ڕیشەی چیرۆک و مەتەڵ، هەروا دەکەی، لە هیندستان، لە چین دەبینییەوە. دۆنکیشۆت یەکەم نموونەی ڕۆمانە لە ڕۆژاوا. دەنۆڕییە تەکنیکی، وا تێ دەگەی حیکایەت و مەتەڵن بووبن بە بەستە و سترانی سەرزاری خەڵک. هەرچی ڕۆمانی خۆمانە خێوی داو و دەستووری دوو هەزارساڵەیە. هۆمیرۆس لەسەر ئەم خاکە ژیا. داستانی کوێرئۆغڵوو بەلای منەوە، داستانێکی هاوچەرخی بێ خەوشە. تەنانەت لە ئیلیادەدا دەتوانین تووشی خۆڕوویی و تایبەتێتیی ڕۆمانی سایکۆلۆجیی هاوچەرخیش بێین. بەشی بەخۆم، کە (حیکایەتخوان)م پێ دەڵێن، کۆڵێ شانازیم بەخۆدا دێتەوە. ئەوان بۆ شکاندنم وەم پێ دەڵێن، بەڵام بوون بە حیکایەتخوان شتێکە جێی شانازییە. دەبا بیر لەوە بکەینەوە، بزانین مەتەڵێ چۆن لەدایک دەبێ؟ بڵا بیر لە مەتەڵێ بکەینەوە. هەزار ساڵ، دە هەزار ساڵ، یان سێ هەزار ساڵ لە ئەنەدۆڵ لەدایک بووبێ. ئەم مەتەڵە دەگێڕدرێتەوە، لە سەدان کۆڕ و کۆمەڵاندا،

